لە سایەی گرژییەکانی ناوچەکە... بەغدا و ئەنقەرە لەسەر پتەوکردنی هەماهەنگی دیپلۆماسی ڕێکدەکەون

فوئاد حسەن، جێگری سەرکۆزیران و وەزیری کاروباری دەرەوە و، هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا، ئەمڕۆ چوارشەممە جێختیان لەسەر "پەویستی هەماهەنگی دیپلۆماسی بە دەستبەرکردنی سەقامگیری ناوچەکە" کردەوە.

وەزارەتی دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە، ئاماژەی بەوەکردووە: "فوئاد حسەن، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە وەزیری دەرەوەی کۆماری تورکیا، هاکان فیدان پێگەیشتووە".

ئاماژەی بەوەشکرد، لەمیانی پەیوەندییەکەدا باسیان لە دواین پێشهاتەکانی پێویست بە شێوەی بەردەوامی ناوچەکە و گەلانکارییەکانی هەوەستی هەندێک وەلات سەبارەت بەو شێوە کردووە. ئاماژەی بەوەشکرد، "هەردوولا باسیان لە ئامادەکارییە بەردەوامەکانی کۆنفرانسی ڕێکخراوی هاوکاری ئیسلامی کردووە، کە بەیارە سەرەتای هەفتەی داهاتوو لە ئەستەنبوڵ بەڕێوەبچێت".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، هەردوولا جێختیان لە گرنگی ئەم کۆنفرانسە کردووەتەوە لە ژێر ڕۆشنایی پەرەسەندنی خێرای بارودۆخی ناوچەکە و ئەو تەحەددایانەی کە ڕووبەڕووی وڵاتانی ناوچەکە دەبێتەوە. هەروەها جێختیان لەسەر پەویستی بەهێزکردنی هەماهەنگیی دیپلۆماسی لە نێوان وڵاتانی ئیسلامی بە

دا بینکردنی سقامگیری ناوچکه و پشگرتن لتکچوونی زیاتری دخکه کردوه .